# یاسای درێژکردنەوەی یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ۲
رۆژی بڕیار: ۱۹۹٦/۹/۳

«بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی هەردوو برگەی «۱و ۲» لە مادده «٥٦»ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە «۱»ی ساڵی ۱۹۹۲. ئەنجوومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی نا ئاسایی رۆژی ۱۹۹٦/۹/۳ی دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرچوواند:

## یاسای ژمارە «۲»ی ساڵی ۱۹۹٦
## یاسای درێژکردنەوەی یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**
دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق تاکو ۱۹۹۸/٦/٤ درێژ دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**
ئەم یاسایە لەرۆژی بڕیار لەسەر دانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی رەسمیشدا بلاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆی پێویستی دەرچواندنی ئەم یاسایە:

**لەمەوبەر بەپێی یاسای ژمارە «۱»ی ساڵی ۱۹۹۲ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن ژمارە «۱»ی ساڵی ۱۹۹۲ی هەموار کراو، رۆژی ۱۹۹٥/٦/٤ کراوە مێژووی تەواو بوونی ماوەی یاسایی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. ئەو ماوەیەش لەسەر تەواو بوون بوو، بەبێ ئەوەی**

بارێکی گونجاو بۆ گەلی کوردستان هەلکەوێ بۆ بەکارهێنانی مافی خۆی لەهەلبژاردنی دەورەی دووەمی هەلبژاردنەکەدا. ئەمە وای لە ئەنجوومەن کرد کە ماوەی یەکەمین دەورەی هەلبژاردن سالێک درێژبکاتەوە و لەرۆژی ١٩٩٦/٦/٤دا بەپێی یاسای ژمارە «١»ی سالی ١٩٩٥ کۆتایی بێت. هەموو لایەک بەو هیوایە بوون کە شەڕی ناوخۆ کۆتایی بێت و ئاشتی بێتە دی و هەلبژاردنی گشتی بکرێت. بەلام ئەوەی جێی داخە، ئەو ماوەیەی یەکەمین درێژکردنەوەکەی خەریک بوو بەسەر بچێ بێ ئەوەی هیواو ئاواتی گەلەکەمان بێتە دی. بۆیە ئەنجوومەن جارێکی دیکەش لەبەر هەست کردنی بە بەرپرسیاریی مێژوویی کە خراوەتە سەرشانی بۆ رزگارکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە چنگ کەوتوون، بڕیاری دا یاسای ژمارە «١»ی سالی ١٩٩٦ دەربکات بۆ درێژ کردنەوەی دەورەی ئەنجوومەن بۆ ماوەی ٣ مانگی دیکە کە لە ١٩٩٦/٩/٤دا تەواو دەبێ، وە چونکە ماوەی درێژکردنەوەی دووەمین تەنیا یەک رۆژی مابوو تەواو بێ و بەسەر چوونیشی مانای ئەوەیە ئەو دەرفەتە مێژووییەی بۆ پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەییەکانی و سیستەمی سیاسیی و ئاواتە رەواکانی و ئەزموونە دیموکراتییەکەی لەدەس بچێت. ئەنجوومەن لەسۆنگەی هەست بەلێپرسراویی مێژوویی خۆی، بەرامبەر بە گەلی کوردستان و خۆ بەستنەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن بەو سوێندەی کە خواردوویانە کە پارێزگاریی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان و بەرژەوەندییە بالاکانی بکەن و لە پێناوی پاراستنی ئەو دەستکەوتە مێژووییە کە خۆی لەدامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان دا دەنوێنێ، بەو ناوەی کە بنکەی دروستی شەرعیەتەو سەرچاوەیەتی و کۆلەکەی دیموکراتیەتەو دەزگایێکە بەئیرادەو ویستی گەل دروست بووە و لەهەمان کاتیشدا ئەو ئیرادەو ویستەی دەنوێنێ، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.